**وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە:٢١٤٥ لە ٢٠٢٢/٣/٢٧**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢)ی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

١- گۆڕینی یەکەی هێلی (١١٦) بۆ هۆبەی هێلی (١١٦) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی / بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لەو دەڤەرە.

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

- کردنەوەی (هۆبەی تیشک) سەربە بەشی کاروباری هونەری لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/١٠.

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (سەنتەری ئازادی بۆ پزیشکی دەم و ددان) لە نهۆمی سەرەوەی بنکەی تەندروستی ئازادی خێزانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/١٣.

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی مامانی) وە جیاکردنەوەی لە هۆبەی پەرستیاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/١٦.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**





**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی پشکنین و دڵنیایی جۆری) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئاکرێ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/١٦.

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (یەکەی کۆنترۆلی پیس بوون) لە نەخۆشخانەی رزگاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/٢٨.

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (یەکەی دۆسیەکان) لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دەشتی هەولێر سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/٢٨.

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی بێهۆشکاری) لە نەخۆشخانەی هیوا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٣/٢٨.

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

- کردنەوەی (هۆبەی نەشتەرگەری ڕوو و شەویلاك) لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٤/٤.

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی هەناوی کتوپڕ) لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٢/٤/٤.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**